پرۆژەیەکی دراماتۆرگی بۆ شانۆنامەیەکی سارۆ کین.. نیهاد جامی

ئەم تێکستەی لەردا دەیخوێننەوە کردەیەکی دراماتۆرگیە بۆ شانۆنامەی 4:48 ی نووسەر سارۆ کین، لەپاڵ گۆڕانەوە بۆ ژیاننامەی نوسەر و دامەزراندنی دیدەکی هونەری بۆ دروستکردنی فیلمەکی دەکۆمێنتاری لەبارەی ژیانی نوسەر، بۆیە لەپاڵ کارەکتەری نوسەر، فیلمسازێک دەردەکەوێت، ئەم تێکستە بۆ ئەنجامدانی کردەی دەرهێنان نووسراوەتەوە، کە دەبێتە تازەترین کاری شانۆیی من، پەمخۆش بوو لەردا تێکستێ دراماتۆرگیەکە بۆاو بکەینەوە.
بۆ دەیالۆگی شانۆنامەکە گۆڕاوینەتەوە سەر تێکستێ وەرگێڕدراوە کوردیەکەی خاتوو باران، هەرچەندە من بۆ زمانی کوردی کاری تیا ناکەم، بەڵام پەمخۆش بوو ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەم، هەروەها هاوڕەی ئازیزم د. هێمباز جەلال وەریگێڕاوەتە سەر زمانی پەخشاندی.

ژووڕێک زیاتر لێستدیەی سینەمایی دەچێت، بەهۆی دانانی کامێرا و ئۆناکی و کلاکێتەوە، لەوە دەچێت خەریکی تۆمارکردنی فیلمەکی دەکۆمێنتاری بن لەسەر ژیانی نووسەرێک، سەرەتا ئەمە وێنەگرێک دەبینین، هەر خۆشی دەرهێنەری فیلمەکەیە، لەپشت کامێراکەوە وەستاوە، ئاراستەکەی کامێراکە دێکاتێ دیواری دواوەی ژووڕەکە وەک ئەوەی نمایشی فیلمەکی سینەمایی بکات، لەسەر شاشەکەی دواوە دەنووسرێت ٤:٤٨، فێتەکی هێش کە زیاتر لەنیشاندانی تراکی فیلمەکی کۆن دەچێت، چارلی چاپلن لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت، ئەمە ژنێک دەبینین لە سوچێکی ژووڕەکە سەیری فیلمەکە دەکات، دەرهێنەر سینەماییەکە کە ژنەکە دەبینێت ئاراستەی کامێراکە دەسوڕێنێتە لای ژنەکە، شاشە سینەماییەکەی دواوەی ژوڕەکە دەکوژێتەوە، ژنەکە پّدەکەنێت، لەسەر شێوازی چارلی چاپلن خەی گێیووە، لاسایی ئەو دەکاتەوە، دەست دەکات بە نواندنی چارلی چاپلن، لەپە دەوەستێت، دەچێتە شوێنّکی تریستدیەکە، کامێراکە بەدواویەتی، دەرهێنەر ئاماژەی بە دەکات کە دەست بە قسەکردن بکات.

من ناوم سارۆ کین لەژیاندا پێنج شانۆنامەم نووسی، شانۆ باشترین

شۆنێ بە مرۆڤ تا بە ئازادی خۆت بریندۆکانی تیا بنووسیتەوە، کەس نەتوانێت دەستکاری شتەکانت بکات "وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە" یەکەمجار باوکم دەستکاری شتەکانی کردم، من ئەوەم لە یەکێک لە شانۆنامەکانم باسکردووە، هەموو شتێک لە پێش چاوی مندا دەمرێت، بەیەک مردن و خۆکووشتنم هیچ گرنگیەکی نیە، ئاخۆ خۆکووشتنی من چارەسەری کێشەکان دەکات؟ یەکەمجار کە ئەو بیرۆکەی خۆکووشتنە سەری هەڵدا، ووتم وا باشە لە کاتژمێر ٤:٤٨ خولەک خەم بکوژم، هەر کاتێک بیری لە دەکەمەوە، دەزانم ئەوە کاتێکی باشە بۆ خۆکووشتن، بەڵام باشتر وایە شانۆنامەکەم تەواو بکەم، هەست دەکەم قسەیەکی زۆر هەیە نەمنووسیوە و پێویستە بیاننووسم.

٢

لەگەڵ دەرهێنەر باس لەوە دەکات کە دەکرێت دیمەنێی دواتر لە نۆخۆشخانە وێنە بگیرێت، یاخود کێشەکەی وا بێت گوزارشت لە نۆخۆشخانە بکات، دەرهێنەر خۆریکی گێڕینی ڕوناکی و کوژانەوەی هەندێک گڵۆپ و داگیرساندن و خولقاندنی کێشەکە لە ڕێی ڕوناکی و ڕەنگەوە، دەرهێنەر تێبینی خۆی لەسەر شۆن و دیمەنەکە پێدەڵێت، لەوە دەچێت هەردوکیان لەسەر گرتەکە هاوڕابن، دەرهێنەر شۆنێک دەست نیشان دەکات بە وێنەگرتن، سارە کەین ووت دەبێت، دەرهێنەر خۆریکی خۆ ئامادەکردنی دیمەنی داهاتووە، ڕوناکیەکان کز دەکرێن، لەگەڵ ڕۆشن بوونەوەی تەنیا سارە کەین دەبینین، لەخۆو هەڵساوو خۆنەکەیمان بە دەگمەنێتەوە، گەڕانەوەکەی تەکنیکێکە لە ترس و پەکەنین، زیاتر لەدەخێکی شەڕاوە دیالۆگکانی دەڵێت.
لەخۆمدا چووم بە لای دکتۆرێک، وتی هەشت خولەکت ماوە بژیت. لە کاتێکدا نیوسەعاتبوو لە ژووری چاوەڕوانییە نەفرەتییەکەی ئەو دانیشتبووم!

٣

بەدەنگیەکی درۆز خایەن، ترسێک سارە کەین داگیر دەکات، بەناو ژووڕەکەدا دێت و دەچێت، بیر لەشتێک دەکاتەوە، کەوا نازانین چیە، وەک ئەوەی لەگەڵ کەمەڵە مۆسیقیەک قسە بکات، تا خەیان بە کەنسەرتی مۆسیقی ئامادە بکەن، بەتەنیشتیەوە ئامێرێکی ئێرکەدیەن لەژووڕەکەدایە، داوە لە مۆسیقیە خیاڵیەکان دەکات کەوا دەست پێبکەن، خۆشی لەگەڵیان دەکەوێتە مۆسیقا ژەنین.
مۆسیقاکەی دەوەستێنێت.. هەست ئادەگرێت، هەڵدەستێتەوە، لەناوڕاستی ژووڕەکە دێوەت بخۆوێت، بەڵام هەموو گیانی دەلەرزێت، لەبەر خێوەو دێت

ـــ من گازم بۆ جولەکەکانداکرد، کوشتاری کوردەکانم کرد، بەمبارانی عەرەبەکانم کرد، سواری منداڵی بچووک بووم لە کاتەکدا داوای بەزەییان دەکرد، گەپانی جەنگی پڕ لە مردووەکان هی منن، من وامکرد هەمووان ئاهەنگەکە جێبهێڵن.
دادنیشت، بەدەستەکانی هەردوو قاچەکانی خۆی دەگرت، دەیووت چیرۆکی کەسێک بگێڕتەوە، بەناو جولەکردنی فڕۆکەی ئاسایی وەردەگرت، تەنیا لەکاتی قسەکردن تەنی دەنگی دەگۆڕێت
من چاوەچیزەکانت دەمژم و لە قتوویەکدا دەینێرم بۆ دایکت و کاتێکیش من دەمرم، لە جێستەی منداڵی تردا دەمێوە دونیا، بەناو پێنجا قات خراپتر و شێتتر، من ژیانت دەکەم بە دۆزەخێکی داگیرساو،

من مـــــــل نـــــــادەم مـــــــل نـــــــادەم
مـــــــل نـــــــادەم ســـــــێرم
مـــــــەکـــــــێ

ئێستا هەڵدەستێتەوە، سێیری دەوروبەری ژوورەکە دەکات، ئەرکەدینەکەی لەباوەش دەگرێت، دەیووت بگریەت، رونەکی لەسەری دەکوژێتەوە، لە شاشە سینەماییەکەوە سەر لەنوێ دەیبینینەوە، دیمەنێک نیشان دەدرێت سارە کەین بەسەر کورسیەکەوێ وەستاوە، کامەرا دەچێتە بەرزاییەوە دەبینین پێتەکی بەملاوێ و دەیووت خۆی بکوژێت، بە قاچەکانی کورسیەکەی ژێر پێی لا دەبات، شاشەکە هەش داگڕاوە، ژوورەکە بەتەواوی هەشــــــــن بەتەوە، دەرهێنەر بە نیگەرانیەوە کامەرا و کەل وپەلەکانی وەنەگرتن کە دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوە، ستەدیەکە بەتاڵ و وەک ئەوەی هیــچ شتێکی لە نەبووبێت، هەموو شتێک کۆتایی دێت.

چــــاوپێکەوتنەکەی قلادیمــــر پوتین.. ڕۆژگار عومەر

هەفتەی ڕابردوو لە جۆرجیەکی زیرەك و بەرچاودا، قلادیمەر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا بەشداری چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی تاکەر کارلسەن کرد، ئەمەش بووە هەی سەرنج و مشتومڕی نێودەوڵەتی، بەشێك لە میدیای ئەمریکاو سیاسەتمەدارەکان ئەم ڕۆژنامەنوسیان

تەخوین کرد! گفتوگەکە قووڵ بووەوە بە کەمێک بابەت، تەوانینەکی جیاوازی بە دیدگاکانی پوتین سەبارەت بە کاروباری جیهانی پشکنش کرد. چاوپکەوتنەکە 2 کاتژمێر و 6 خولەکی خایاند. سەرکی ڕووسیا نزیکەی 60 پرسیاری وەرگرت تەنیا لە 23 سەعاتی یەکەمدا ڕاستیەکی گەورەی سەلماند کە خەڵك دەڕئاوا تەنیا نایەوێ گوێ لە سەرکردەکانی خۆی بگرێت ، بەڵکو دەیەوێ گوێ ی لێو بە " دوژمن" کراوێش بێت، چونکە چاوپکەوتنەکە تەنیا لە ماوەی 23 کاتژمێردا زیاتر لە 150 ملیۆن جار بینراوە، پاش ئەوەی لە تەی کەمەایەتی ئێکس بەاوکراوەتەوە لایەن زیاتر لە860 هەزار کەسەوە "لایک" کرا. 269 هەزار جار دووبارە بەاوکراوەتەوە.لە کەناڵی یوتیوبی دەژنامەنوسکە زیاتر لە 8.3 ملیۆن جار بینراوە!
تەوقیتی چاوپکەوتنەکە "گرنگیەکەی" زیاتر کرد، چونکە لە دەخکی پێ لە گرژیی جیۆپلیتیکیەکان و نادڵنیاییە جیهانیەکان سازکرا. ئامادەیی پوتین بە پێوەندیکردن لەگەڵ دەژنامەنووسکی ئەمریکیدا، دەنگدانەوەی هەوەکی دیپلەماسییە بە پکردنەوەی دابشبوونی نێوان ڕووسیاو نێیارانی. گرنگی ئەم جارە گفتوگۆیە ناتوانرێت کەمنرخ بکرێت، بەتایبەتی لە سەردەمکدا کە زانیاری هەڵە و لە خشتەبردنی بەپلان دەتوانێت ململانێیە خوێناویەکان فراوانتر بکات.
لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ئەستای پێتینداە؛ سوچکی گرنگی چاوپکەوتنەکە، دەرك کردنی دووبارەی دەڵی گرنگی میدیا بوو لە داشتنی ڕای گشتیدا. جەختکردنەوەی پوتین لەسەر گرنگی زانیاری دروست و ڕاپەڕتکردنی بەڵایەن دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، چونکە تیشکی خستە سەر پێویستی تەگەیشتنەکی هاوسەنگتر لە ڕووداوە جیهانیەکان بەڵای کەمی گرنگی "دەرفەتی یەکسان" بە هەموو لایەك کە دەنگی بگات و هەروەهاش چاوپکەوتنەکە توانی بەرپرسیارێتی دەژنامەنووسان و ژەرنالیزمی جدی لە دابینکردنی ڕووی دووەمی حەقیقەت بخاتەوە سەر مەزی پیشەگەریی دەژنامەوانی. بەشێك لە نێیارانی پوتین و سەرکردە سیاسیەکانی دەڕئاواو دەخنەگران دەڵێن:-
" دەنگە ئەو چاوپکەوتنە خزمەتی بە ئەجێندای سیاسی پوتین کردبێت بە دەخساندنی سکەیەك بە ئەوەی ئەویش گەانەوەی خۆی بخاتەوە. بە پچەوانەی ئەمش هەندکی دیکە پێیان وایە چاوپکەوتنەکە بەشداری کردووە لە بنیات نانی تەگەیشتنکی گشتگیرترو نزیکتر لە دیدگای ڕووسیا، کە دەنگە ئەم چاوپکەوتنە دەگا خۆش بکات بەڵای کەمی لە نەو ڕای گشتی جیهانیدا کە لەبەردەم جەنگی خوێناوی و بەردەوامدا پرسی گەانەوە بە دیبلەماسیەت بە هەزتر بکات.
چاوپکەوتنەکەی پوتین لەگەڵ تاکەر کارلسەن بە پەردە دیدکی جیاوازی دەخەنگرانەی لەسەر دەخی پێوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا

و ...ی میدیا و پرس جیهانییەکان هەنایە ئاراوە. پرسیارو وەڵامی ئاشکاوانە لە نێوان سەرکی ڕووسیا و ...ژنامەنووسی ئەمریکییەکەدا، وردەکارییەکی گرنگی لە ئاماژییەکانی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی پێشکەش کرد و لەوە جەخت لەسەر گرنگی گفتوگۆی کراوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دژخانە کردەوە کە جیهانی نقوم بووی ئەمڕۆمان پێناسە دەکەن.ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە ...کی گرنگ دەگمەن لە کردنەوەی دەرگای داخراوی دیالۆگ، دەرگایەك کە کەم نین ئەو سەرکردە جیهانیانەی دەیانەوە قفڵەکانی تەکمەتر بکەن!

ئامانێک لە کتێبی "پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکەدا".. نووسینی و ئامادەکردنی کاک کامەران سوبحان. خوێندنەوەی: ڕۆژگار خالید

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم :
هەر مرۆڤێک لە ئەمڕۆ تاوانبار نییە بەو شتانەی دەیڵێت یانیش ئەو کردەوانەی دەیکات بەڵکو تاوانبارە بەو شتانەی لەسەر دەگوترێ ، چونکە لە کۆتاییدا بەو شتانە تاوانبار و سزا دەدرێت و تەنیا مەرگی ویژدانی بەسەر دەسپێنرێت کە نەیکردووە ، نەوەک لە ئەستدا تاوانباربێت بەو شتانەی لەسەری دەبێت بە پێچەوانەش ، تەنانەت ئەگەر ئەو تاوانەی ئەنجامیش دابێت چاوپۆشی لێدەکرێت کاتێک دەستەبات و هەز هەیە پاپشتی دەکات !!
ئەسڵی بابەتەکە ئەوەیە :.
بڕچی نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەیی ئەمڕۆ بەووی شتانێک دەکرێنەوە نەیانکردووە یانیش وایان لێدەکەن پێچەوانەی ڕۆش بکەوێتە سەر کەسایەتیان !!
بە وەڵامی ئەو باس و خواسی هەیە
ئێم کتێبە دەستپێکی باشمان نیشان دەدات و نووسەر هەڵدەستێت بە :.

گۆڤاری چل چیرۆک و بەسەرهات لەبارەی پیرەمێردی شاعیر و نووسەران و خۆشکی شاری سلێمانی و دەڤەری شارەزوور و ناوچەکە بگشتی .
لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمی ئێمە بەبەردەوام کێشە و بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ نوخبەی ڕۆشنبیران و پیاوانی ئایینی و خۆشکی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەمان .
بۆیە دەتوانین بڵێین قسەکان و هەڵوێستەکان نووسینەکان دەمەنەوە و لاناچن ، لەپاڵ ئەوەشدا کاریگەریی نەرێنی دەهێنێت و پێگەی کەمایەتی ئەو کەسانە دەشکێنرێت ، کەچی ئەو کەسانە بەبەرزی خزمەتی زمان و وێژەی کوردیان کردووە ، لەسەردەمی خۆیان دەکەونە بەر نەفرەتی زمانی خۆشکەکەی .
ئەگەر ئێم پرسە بە پیرەمێردیان نووسەران و شاعیران ڕاست بێت ، بەگومان بە هەموو کەسێک ڕاستە ، چونکە هەر تاکێک لە ئێمە تاوانبار دەکرێت بەشتێک نەیکردووە یانیش نەیگوتووە یانیش بەشتێک نەینووسیووە .
لەدواجاردا :.
ئەو ڕۆڵە ناشیرینە وا دەکا هەمووان لە یەک ئاست ببینرێن و کەس جیاوازتر و باشتر و زیرەکتر و بەهێزتر نەبێت .
هەر کاتێکیش لە شتێکی بچووک تاوەکو شتێکی گەورە وابکات جیا ببێتەوە چ بەنووسین بێت یا وێرگەڕان یا هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت .
بەگومان ڕووبەڕووی دیان تەمەت و بوختان و سوکایەتی و هێرشە و جنێودان و خیانەتی نشتیمانی و تەمەتی دینی و لادینی دەکرێتەوە .
هەر ئەوەشە وادەکا :.
ئینسانی ئێمە و کەسایەتی ڕۆشنبیری ئێمە یا لە قهری فەقیری و ڕزاڵەتی و بەبە پشت و پەنای بمرن یانیش سەریان هەڵگرن و ناوچەکە بجێ دەهێن یانیش واز لە نووسین و خوێندنەوە کتێب دەهێنن لە سووچێکی ماڵەکیان بەدەنگ دەبن کەچی دووبارە سووکایەتیان پێدەکرێت چونکە تەسلیمی واقیع ژیان بوونە .
بۆیە بەدەردی " شەتی دەمرن " کەوا خۆک وایان پێدەڵێن .
ئەوەی بەڵای منەوە گرنگە لەم کتێبە چند چیرۆکێک وەک خۆی دەنووسمەوە و پوختەیەکی لەسەر دەنووسم .
لە چیرۆکی " نایەم "
" پیاوێک لەناو دەستنووسەکان دەبێت بە تەز "
_ کاتێک شاعیران و نووسەران لەبەر خەم و خەفەت و ئەو هەموو ناو و ناتەرە شارەکان جێدەهێڵن و سەر هەڵدەگرن و شارەکان جێدەهێڵن بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی کۆچ دەکەن ؟

بەرەو کوێ کۆچ دەکەن و لە شارەکان هەڵدێن؟
بۆچی دونیای رۆشنبیر ئەمە و ژیانی خەڵکی ئاسایی ئەمە پێ لە کێشە و پێ لە ئاق و کینە ؟
بۆچی دونیای ئەمە پێ لە ووداو و پێشهاتی خراپ و هەر دووبارەش دەبێتەوە !!
وەک ئەوەی قبوولکراونین و بەرژەوەندی کەسانێک هەکاربوو و مرۆڤ ترساوە لەوەی هۆشیار بکرێتەوە .
لە چیرۆکی " دەیەم "
" وەنەوزەک هەموو شتێکی کرد بە خۆڵەمێش"
شێخ مەحمود حەفیدی بەرزنجی کتێبخانەیەکی گەورەی پێ لە کتێبی دانسقەی دەستنووسی سەردەمی ئەمەویەکانی بەخشیە مزگەوتێکی دەرین لە گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی ، کتێبخانەکەش پێشتر دیاری میرێکی سەرانی ناوچەی هەوانداز بوو بە شێخ مەحمودی حەفید .
بەڵام
لە بەباکی بیت یاخود بەهەی کەمتەرخەمی یانیش بەدەستی ئەنقەست بێت ئەو کتێبخانەیە لە بەربەیانی زووداگە دەگرێت و کتێبەکان و دەستنووس و قورئانە دەرینەکان دەبنەوە بە خۆڵەمێش و ئەوانەی وەک خزمەتکار و کەسی نوێژخوێن و بەلانە لەم مزگەوتە دەخوون بەهەی گەرمی ئاگرەکە لە خۆ هەڵدەستن !!
پرسیارە جدییەکە ئەوەیە
بۆچی دەبێت ئەو هەموو کتێبە بەباک و بە منەتانە بسووتێن ؟!
بەڵای خەڵکەوە شتێکی وا گرنگیش نییە کتێب و دەستنووس دەسوتێت !!
بەیە ئەوانەی لەم مزگەوتە دەمێننەوە بە درێژایی 30 ساڵ خۆشەویستی زەریان بە ئەم شوێنە هەیە بۆقەهری سووتانی ئەو هەموو کتێبانە دەمرن !!
بۆچی بەدیان و سەدان کتێب و دەستنووس و دیوانی شیعری شاعیران بەهەی باران و لافاو دەفەوتێن و بەڵای خەڵکەوە شتێکی زەر ئاساییە کاتێک مەڕووی نێتەوەیەک ئاو دەیبا و دەفەوتێن و " گرنگیەکی ئەوتەی نییە " !
وەک ئەوەی تاوەکو ئێستاش مەعریفە لەدوای هەموو شتێکە زەرینەی خەڵکی ئەمە وەک یەکدی دەژین یانیش وەکو چاولەکارن و حەزدەکەن ژیانیان لاسایی بکەنەوە ، زەرینە دژە کتێب و دژە مەعریفە و دژی خوێندنەوەیە .
چیرۆکی " یانزەیەم "
مردنی کتوپڕی شاعیران لەناو دەستنووسەکان
ئەوەی سەیرە لەناو ئەو دەستنووسانەی نووسراوەتەوە مردنی کتوپڕی شاعیران و هەڵهاتن و لەترسی کوشتن و ونبوونی هەندێکیان باسکراوە

!!
لەم چیرۆکەدا هەوبەووی دوو خاڵ لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان ئینسانەکان دەبینرێ .
1.دزینی کتێب و دەستنووس و دەان و فرۆتانی چەندەها کتێب و فرێشتن و پەدانی دەیان کتێب بە بێگانە و دوژمنانی گەلی کورد کوشتنی نووسین و ووشە و کتێبی ئەوانە .
2.دروستکردنی سەدان تەمەت بە کەسایەتییەکان لەم کاتەدا
وەک
_ پیاوی ئینگلیزە یا پیاوی بێگانەیە !
_ سیخوڕە !
_ هەتیمچی و پیسخۆرە !
_ کەسایەتی بەش هیچ لە بارانەبووە !
جگە لە کۆمەڵێک شتی دیکە هەن و سوکایەتیان پێدەکرێت وەک دژە نەریتە و دژە دین و کافرە و مەشروبخۆرە و قەڵەمفرەشە .
ئەوەی سەیرە ئەوەیە تاوەکو ئێستا قسەی لەسەر دەکرێ کەین ئەوانەی دژایەتی ئەوانە دەکەن ؟
ئایا پیاوانی ئاغا و دەسەاتداران یانیش چاوساغی تورک و فارس و عەرەبن یانیش پیاوانی ئایینی و پارێزەری نەریتی کۆمەڵایەتی کۆنن یانیش خەڵکی ئاسایی و نەخوێندەوارن .
چونکە
ئەوانەی دژایەتی کراون کەسایەتی بەرزن وەک مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی و مەحوی و پیرەمەرد و دەیان و سەدانی کەس لەپێش ئەوان و سەدان کەسی دیکە لە پاش ئەوان تووشی هەمان دەخ بوونەتەوە .
تەنانەت دوای سەد ساڵ
ئێستاش ئەو دەردە هەر هەیە لە نێوان شاری " هەولێر و سلێمانی" بەیە ڕەشنبیران شارەکان جەدەهەن !!
یانیش کێچ دەکەن بە دەرەوەی وڵات لە پاشان بە دزینی بەرهەمی بێگانە تەمەتبار دەکرێن لە کاتێکدا ئەو کەسانە زیاتر لە زمانێک و دووان و سێ زمانیان زانیوە ئینجا شاربەدەرکراون .
لە کۆتایی دا ئەو قسەی پیرەمەرد دەیکا کاتێک ڕەخنەی لەدەگرن لە ستایشی گۆرانی شاعیر و مەحمود پاشای بابان و ئەمین زەکی بەگ و شێخ حسام الدین نەقشبەندی دەکا .
دەیت ئەو کەسانە چ دەڵێن بابڵێن گرنگ نییە ئەوەی گرنگە ئەوەیە .
من چی لەبارەی ئەم منەوەر هەڵکەوتانەی نێتەوەکەم دەڵەم .
ئەوەی گرنگە بڵەم ئەوەیە
کێن ئەوانەی مانەوە لەنێو مێژووی ئەمەدا دژی ڕەشنبیران و

نووسەران و شاعیران و نووسەرانی کوردبوون و دژی نووسین بوون ؟ یانیش
نووسەران و شاعیران و نووسەرانی کورد خزمەتیان بە نەتەوە و زمانی کوردی و وڵژی کوردی کرد .
بگومان نووسین دەمەنتەوە و نووسەران و شاعیران و نووسەران بوونە بەشک لە مژووی ئەم .
ئەوانەی قسیان دەکرد و هەڵشیان لە نووسەران دەکرد لەبیرکران و بوونە پەلەی رەش بە مژوویی خیان .
بە ئەوەی بزانین نەتەوەی ئەم چەن ژیاوە ، گرنگە هەر کەسک لە ئەم ئەو کتبە بخوەنتەوە .
لە کتایی دەمەوەت ئەوە بەم چەندە سادە دژین و چەندە سادە بیردەکینەوە و چەندە بەسادیی دەبینەوە خۆ بە بە ئەوەی هیچ شتک هەبەت گرنگ بەت بکین و پیوستە هەوەستە بکین چەندە ترسناکە مرۆڤکان لەیەکدی بچن .

عەراق گۆڕەپانی گەمەی هاوبەشی ئەمریکاو ئێرانە!.. عوسمان حاجی مارف

عەراق نەک شوێنکی ستراتیژی گرنگ و تایبەتی بە کەماری ئیسلامی ئێران دابینکردوە، بەڵکو بەهۆی ئەو سامانی لەژێگەی ئەو هێزە میلیشیانەی کە سەربەخۆیەتی و کۆنترۆڵی حکومەتی عەراقیان کردوە، ئێران گەورەترین سودیان لە بەدەست دەهێنەت، بەمشوەیش سەرچاوەی توانا دارایکانی بە دابینەدکات، تاادەیک قەرەبوی سزا ئابوریکانی ئەمریکای پەدکاتوە.
پرۆژەی فراوانخوازی ئێران، ڕەهەندکی جوگرافی نوە و فراوانتری وەرنەدگرت ئەگەر ئیدارەی جۆرج بوش لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە ڕێگەی هێزە میلیشیا ئیسلامیکانوە عەراقی ئادەستی ئێران نەکردایە، کە ئەستا بەتە بنکەی هەرشکردنە سەر شوێنە سەربازیکانی ئەمریکا لەسەر سنوری عەراق و سوریا و ئێردەن.
ڕووخانی حکومەتی بەعس و گۆڕینی تانها بە ژێردەستی ئێران،

ڕۆژگارێکی لە بەغداوە بۆ بەیروت لە ڕۆژگاری دیمەشقەوە کردەوە، هەروەها بە پشتیوانی بەشار ئەسەد هێزە میلیشیاکان بەتواوی خەیان ئادەستی "کۆماری ئیسلامی ئێران" و پلانەکانی لە ناوچەکەدا کرد، کە تا ئەمڕۆش ووڵاتانی عەرەبی باجی کۆتنی عێراق بە دەستی ئێران ئەدەن.

ئەگەر ئەو بومەلەرزە عێراقییەی کە بە داگیرکاری لەلایەن ئەمریکاوە پێشهات، نەبوایە، کە دواتر لەسایەی دۆرو دەخالەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی گۆڕەپانی سیاسی هەموو ناوچەکەی گرتەوە، "کۆماری ئیسلامی" ئازاد نەدەبو کە ئاستوخۆ دۆرو دەخالەتی لە عێراق و ناوچەکەدا سەرکەوتوانە بسەپێنێت، لەهەمانکاتدا توانی لەم هەلومەرجە تایبەتشدا بۆشوێنی هێرش بکاتە سەر ئەمریکیەکان لە سنوری سوریاو ئێردەن. بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئاشکرایە ئێران بەبێ سەپاندنی خاوەندارێتی عێراق، نایدەتوانی بونی خۆی لە ناوچەکەدا فراوان کات و دەخالەت بکات.

لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئێران توانای مومارەسەی ڕۆڵی پارێزەری عێراق و سوریا و لوبنان و بەشێکی یەمەنی هەیە. هەرچەند ئەمریکا دەستی بە هەرشە موشەکیەکانی کردەوە، بەڵام تائێستا نازانرێت ئیدارەی بایدن چۆن ئەم پرسیارە یەکلایی دەکاتەوە، یان چۆن بڕیاری لەدانە لە سنووری سوریا و ئوردن گرفتەکانی لەبەرامبەر ئێراندا ساغ دەکاتەوە. گرنگ ئەوەیە هیچ وەڵامێکی ڕۆشنی نییە کە بتوانێت لە سەر زەویدا ئەنجامی هەبێت بەبێ گەیانەوە بە عێراق و هێزمووەنی ئێران بەسەر عێراقدا، کە لەڕۆژگاری حکومەتی ئێستای بە سەرکایەتی محمد شیاع ئەلسودانیەوە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەم سەرکایەتیەش ئەجێندایەکی ئێرانیە و هیچی تر.

هەرشێکی لەمشێوەیە دەرخەری ئەوەیە کە ئێران زیاتر بڕوپش دەچێت لە هەوڵەکانیدا بۆئەوەی ئەوە دووپات کاتەوە کە دەسەڵاتی باڵای بەسەر ناوچەکەدا بپارێزێت، ئەو هەوڵانەش بە دژکردنی ئێران لە سوریا و بۆتایبەت لە باشووری سوریا دەدرێن تائێستا هیچ سوودێکی نییە.

هەوە هاوکاتی تائێستا جگیر بووە ئەوەیە کە سیاسەتکانی ئەمریکا لە عێراقدا بگشتی بە بڕژەوەندی ئێران شکاوەتەوە، لەکۆتایدا ئەوانەی ئێستا حوکمەانی عێراق دەکەن میلیشیای تائیفی عێراقین کە ئێران لە ئابردودا لە باوەشی گرتبوون، هەر ئەم میلیشیایانەن، کە دیانەوێت هێزی ئەمریکی لە عێراق دەربکەن و هەرشە موشەکی دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا.

هەرکەسێک لە پراکتیکەکانی ئەمریکادا بپشکنێت، بۆی دەردەکەوێت کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئامادە نییە ڕۆڵی هەبێت لە گۆیشتن بە

ئاگربەست لە شەی غەزەدا، وەک ئامادەکارییک بۆ لێکۆڵینەوە لە داهاتووی کارتی غەزە، کە بەڕێوەوەی شەنکی وەرانکاری ئیسرائیل بۆتەوە، ئەمریکا لەم بارەیەوە لە گۆڕاوکدایە هیچ ئاسەیکی سیاسی نییە، لەهەمانکاتدا بەدوای ئۆپشنەوە نییە و لە بڕژەوەندی نییە ئەم شەڕە فراوان بێتەوە.
ئەمریکا باجی پراکتیزەکردنی سیاسەتێک دەدات، کاتێ کە مامەڵەی لەگەڵ حوسەیکان کردووە، وەک ئۆپەی هیچ پەیوەندیەکی نزیک و دووریان لەگەڵ ئێراندا نەبێت، لە ڕووبووبوونەوەی بەردەوامی نێوان واشنتۆن و تاراندا، باڵادەستیەکی ڕونی ئێرانی هەیە کە هاوتای بێتوانایی ئەمریکایە کە ڕەنگدانەوەی نائامادەیی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی پاش ئەو شکستانەی لە چەندساڵی ڕابردودا بەسەری هاتووە.
چنیەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ عێراق هەمای سروشتی ئەو گۆڕاوەیە کە دەرگیری لەگەڵ هێزە میلیشیاکانی "حەشدی شەعبی" کە دەست بەسەر عێراقدا تۆندتر دەکەن، هەروەک چۆن "سوپای پاسداران" زۆر بەتوندی دەستیان بەسەر ئێراندا تۆندتر کردوە. حەشدی شەعبیش فەرمانەکی بەسەر حکومەتی عێراقدا سەپاند بە چوونە ناو دانوستانەکان بۆ ئامانجی کردنەدەرەوەی هێزی سەربازی ئەمریکا لە عێراق، ئەم ئامادەبوونە بە کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕەشنە کە لەسەر بنەمای نەخشە و خواستی "کەماری ئیسلامی ئێران" ە.
هەر لەم بارەیەوە سەرکی پەرلەمانی ئەمریکا دەڵێت؛ سەرەک نابوە هەندەی بایدن سیاسەتی ڕازیکردنی ئێران درێژە پێندات.
بەپێی ئەو زانیاریەی کە حزبوڵای عێراق پلاندانەرو جێبەجێکاری هەرشی سەگەشەی سنووری نێوان عێراق و سوریا و ئوردن، ئەمریکا دوای کوژرانی سێ سەربازەکەی تەمەتەکانی ئاراستەی ژەمی ئێران و هاوپەیمانەکانی کرد.
ئەم هەرشەی پێشتر باسمان کرد لە چەند مانگی ڕابردوودا یەکەمین هەرشی لەم جۆرە نەبووە و دواهەمین هەرشیش نابێت، هەروەها ناتوانرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی بڕژەوەندیەکانی ئێران و ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەکەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.
دوایین پێشهات لەم هەرشەدا ژمارەی کوژراوانی ئەمریکیەکانە، ئەمەش وردەکاریەکە واشنتۆن ناتوانێت پشتگوێی بخات، چونکە وەڵام نەدانەوە بە مانای لاوازی ئەمریکا و بوونی ئێرانی لەدەکەوێتەوە، ئەمەش لە داهاتودا هەڕەشەیە بە سەر بڕژەوەندیەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا.
لەکاتێکدا واشنتۆن ڕایگەیاند کە وەڵامی ئێران دەداتەوە، و ئامانجی داناوە کە بە فەرمی ئاشکرای نەکردووە، ئایا بژاردەکان

لەنێوان بە ئامانجگرتنی هاوپەیمانەکانی ئێران، یان بە ئامانجگرتنی شوێنەکانی ناو دڵی ئێران دەگمەنە!؟، هەرچەندە ئێستا هەرشە ئاسمانییەکانی بەسەر هێزەکانی هاوپەیمان ئێران دەستپێکردوە، ئایا واشنتۆن شێک هەیە دەگیرسێنێت کە لەگەڵ ئاستی هەڕەشەکاندا بگونجێت؟ گەر پەداچوونەوە بە ڕاستییەکاندا بکەین، ستراتیژی ئێستای ئەمریکا بەهیچ جۆرێک بە قازانجی نیە خۆی لە شێوەکەوە بئاڵێنی، کە بگوازرێتەوە بە ناوخۆی ئێران، ئەمریکا بەدوای سەرنەکەوتن و چەقینی نەخشەکانی لە بەرامبەر ڕوسیا لە ئۆکرانیا، هێرۆهاتووگلانی لەگەڵ بنبەستی ئیسرائیل لە غەزەدا، گواستنەوەی شەڕەکە بە ناوخۆی ئێران، حەتمیەتی شکستێکی گەورە دەخاتە بەر ئایندەی دابەزینی پلەگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.
ئەمریکا ناچارە جێبەجێکردنی پڕۆژەکردار و هەڕەشەکانی، جگە لە ئاستی وبەڕووبونەوە لە بەرانبەر هێزە میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێران نەچێتە ناو شێوەکی فراوانی ناوچەییەوە، لەمەشدا چەند سەرکەوتو دەبێت، دڵرگایەکی کراوە لەبەردەمیدا نیە تا هەنگاوەکانی چونە پێشەوەی بسەلمێنێت.
سەرچاوە ئاگادارەکان لە یەکەم هەرشی ئەمریکی – بەریتانیا بە سەر گروپی حوسیەکان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا پێش ئەنجامدانی هەرشی ئاسمانی بە سەر پلەگەکانیان حوسیەکانی ئاگادارکردەتەوە، کاتێکی تەواویان پێداوە بە چۆڵکردنیان! ئەمەش دەگەڕێت بە هەماهەنگی سەربازی لەگەڵ قەتەکی هاوپەیمان لەگەڵ تاران.
هەربۆیە هەرشەکان کاریگەریان لەسەر توانا سەربازیەکانی حوسیەکان نەبوو، لەهەمانکاتدا ئامانجی واشنتۆنیان بە دەستبەرکردنی کەشتیوانی دەریای سوور بەدی نەهێنا!
بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئێران بەهەی بوونی سەربازی و سیاسی هەردووکیان لە یەک وڵاتدا تێکەڵاو بوون، ئەوە دەبینین ئەو بەرژەوەندیانە بەهەی هەندێک جیاوازیەوە تێکدەچن، بەڵام زۆری پێناچێت دەگەڕێنەوە بە دیپلەماسی و ئارامی.
ئەم ململانێ و گەمە سیاسیەی ئێران و ئەمریکا بەدوای شەڕی کێنداو و داگیرکاری عێراق، لە ماوەی سێ دەیەدا مایەی پێشهاتی گەورەترن کارەسات و وێراکاری و نەهامەتی بوو بە دانیشتوانی عێراق و کوردستان، تا ئێستاش، بەتایبەتی لە هەرشی دەندانەی ئیسرئیل بە سەر غەزە ئەم ملاملانێیە، تونددپڕچی و دژەکی پڕچیدەتری بە خۆوە نیشانداوە، جگە لە ئیسرائیل لایەنەکانی تر لایەنگری فروانبونەوەی شەڕەکە نین، بەڵام مامەیان لە گەڵ دژەکەدا مەترسی گەورەبونەوەی ئەو شەڕە دەخاتە بەر ئۆگرێکی مەترسیدارەوە.
بگشتی لە پێوەند بە دژی ناوچەکەو دەوری جەمسەرە جیهانیەکان

بەتایبەتی روسیاو چین، واپەدچیت دواجار ئەمریکا بژاردەیەکی تری نەبێت جگە لە ناچاری تەسلیم بوون بە ئێران، گەر هەرشیش بکاتە سەر چەند بنکەیەکی هەڵە میلیشیاکان کە دەستیپێکردوە، بەڵام لەپەیوەند بە فراوان نەبوونەوەی شەڕی غەززەوە، ناهاوسەنگیەک پێشهاتوە کە کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکە داناوە لە کەنداو و هەژهەژاتی ناوەڕاستدا، لەدوای کۆتنی عێراق بە باڵادەستی کەماری ئیسلامی ئێران، ئەمریکا ناتوانێ بڕیاری شەڕی دژی ئێران گەرم کات، هەروەها شەڕی پاکتاوکردنی دانیشتوانی غەززە لە لایەن ناتانیاهەوە، ریسوایی و گێشگیریەکی بەوپەڕی لە بڕامبەر ئەمریکا و ئیسرائیلی لە ئاستی جیهاندا نیشانداوە، لەهەمانکاتدا پەیوەندی نەوان یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکاش تەواو ئاڵۆز بووە، تا ئەو ئاستەی کە بڕیتانیا نزیکترین دەست و هاوپەیمانی ئەمریکایە، لەوی نیشاندانی جیاوازی سیاسیە لە بڕامبەر ئەمریکادا.
بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا کۆتایی ئەم ململانێ و بارگرژیە، چونە دڕاوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە و کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی کەماری ئیسلامی ئێران.

ژانی تەنیایی.. ستار ئەحمەد

سبەی دەڵێی
دەبمە هەڵۆ و
چەند دڵۆپکم پێدەنووسی
حەرفێك ناکەیت بەمیوانم
وەکوو مەڵەك
لەبەچووی خۆی جوێتەوە
ڕەحم لەگەڵ تۆدا دەفڕێ
دڵم بێ ژانی تەنیایی دەکرێتەوە
کەچوونەوە
مەمخەرە نێو
دەریای خەمی بیرچوونەوە
من لەعومری خۆم وەسم

ژوانی تێ

لەیادی گۆا دەمژێنێ
رەنگە بەبیرتا رابوورم
کسپەی شیعرێکم راتژەنێ
ئەگەر شەوێك
گوێە ئەستێرەی عەشقم هەوەری
پەنجەرەی سێزت دانەخەی
لەسووچێکی ژوورەکەتا
جێیکەرەوە
سبەی دەێی
ڕحم لەگەێ خۆتا مەبە
بێ چەند ساتێك بمدەرەوە
هەتا بتوانم بێت بژیم
شیعری جوانترو جوانترت بێ بنووسم
وەك چۆن گەۆا
لەقەدو لاسکی دایبۆن
دەستی نەمان هەیدەگرێ
کەجمدەی
چاوی وەنەوز دامدەپۆشێ
ویژدان لەدەروونما دەمرێ
چاوەوانم
لەسێبەری نیگایەکتا
بەخوێنی زامی هەناوم
پەیەی یادت بنەخشێنم
عومرێکی نوێم پێدەبەخشی
گەر لەخەونیشا بتبینم

ستار ئەحمەد

•

شیعـــــری دێفتێر.. نووســـــین و

خوێندنەوەی بەکر ئەحمەد

https://www.youtube.com/watch?v=pw7qMkx83Xo

پیاسەیەک لە گۆڕ پاڤڵ تالەبانی دا.. شاخەوان سعید سەنگاوی

ئەگەر سەردارانی سیاسی هەرێم دەتانووت ڕووی خەتان و شەفەکانتان سپی بێت، ئەوا باشترە لە چواردەورەکەی خەتانوو دەستپێ بکەن. ئەویش لە ڕێگای گوێگرتن لە خەڵکی دەرەوەی حەرم سەراکنتان، نەک ئەو مەگەڵە لە ناوژکارەی کە لە چواردەورتان بوونی هەیە هەرگیز ڕێژک نابیستن ناوژکارێک پێچەوانەی قسەی ئەوە قسە بکات. چونکە لە ترساندا برستی قسەیان نیە. بەڵام وەڕە من پێتان دەڵێم لە هەرەمە گچێیەی خەماندا نەک کۆخایەک بگرێ سەدان و هەزاران کۆخا هەیە بەڵام بەناو ناونیشانی جەراو جەر، کەواتە گوێبگرێ من مشتەک لەو خەرمانەت بێ باس دەکەم چاوەڕێی ئەوە و شەفەکانتان دەبم، یان قەناکانی ئەوان بەوخۆنی، یاخود ماڵە سەدوچل مەتریەکەی من.

زەر دوور ناکەوەوە لە سەرووی ماڵەکەی خەتوە کە بەیانیان تەماشایەکی گەیژە و ئەزمەڵە دەکەیت ئەوە نابینیت کە چون ئەو شاخە هەنجن هەنجن کرا بێ کە؟ کەواتە نەک نەزانیت من پێت دەڵێم بێ پێ کردنی گیرفانی کەمەڵەک سەرانسەنی دیکە، بەڵام لە بەرگەکەی یاسایدا هەدی هەدی گەیژە و ئەزمەر لە خاچ دەدرێت، نەک بێ پێژەی بنیات نانەوەی شار چونکە بنیاتنانەوەی شار بێ پیلان نابێت، بەڵکو بێ پلان و هەنگاو دوای هەنگاو دەبێت. هەر زەر لێت دوور ناکەوەوە چەن سەد مەترەک لەو لای هەواری شار دەبینی چی دەگوزەرێت بەبێ مزایدە و بێ بانگەواز سەدان نا بگرێ هەزاران دۆنم زەوی دەدرێت بێ وەبەرهێنان کامە وەبەرهێنانێ ئەمانە من ناوی دۆنم ئێنفالچی زەوی چونکە تەنها لە خەمی کەڵکەکردنی سەفتە دەلارەکانی خەیانن. هەندێی لەو بەناو سەرمایەدارانە ئەگەر هەر ئەو زەویەی وەریدەگرێت خەمەندنەکی سەرتایی بێ بکەیت دەتوانیت نەک جارێ بگرێ دووجار شەقامی سەد مەتری پێ تەواو بکەی ئەگەر ئەمە ئێنفال نەبێت من

دەپرسم چیە؟ دنیاشم چەند ساڵکی دیکە دەبینیت ئەگەر تەمەن باقی بێت قسەکەم تەواو یان نا. با زۆر نەڕۆین بۆ مەرگ پان چونکە ئەو نێک سەری من بگرێ سەری مندالی بۆ بەشکەش سپی دەکات.
بۆیە بۆ ناچاری دەگەڕێنەوە بۆ تاقانە شەستیەکەی شار ئەها تەماشاکە بیرم کەوتەوە ئەرێ خەڕە هەر کەمێک شوقەیەک کەدەچە بۆ ئاسماندا بۆنزینخانەیەکیش قوت دەبێتەوە.
باشە. باش... دەبینە خوارتر ئەڕە بۆ ئاست شوشنی بۆنزینخانە حکومیەکەی دووڕیانەکە بۆیار بوو بکرێت بۆ پارک کەچی لە پڕ زۆیەکەی هێندە بۆپیتە لە جیاتی دار شوقەی تێدا سوز بوو.
تواخوا بەستە تەماشاکە ئەڕە ئەو گەڕاجی بغداد نیە؟ دەبینیت چی تیا سوز بووە هەر جەمێنە و پاڵ دنە بۆجەمێنەوە.
ئەها بۆزمانەکەی خێت هەڤاڵ تەماشایەکی ئەم گردش بکە ئە دێڕی قەڵاکەی کابرایە بۆبام لە ناودا جیاواز.
ئەڕە بۆئاست بۆ ئیشارێتی ئاست داگیرسان ئەمە بۆیار وابوو شەستی بەشتی بۆئین چونکە بەس بۆتەماشاکردنیش کاری کارسازان تەواو نابێت جی حەشرێک بۆم مەملەکەتە دەکەن. باشە باش پیاو ناوەڕێت ئینکاریت لە گێدا بکات دنا خانەکەی منیش دەروخێنی.
ئەڕە بۆئاست بۆ دەپرسیت ئەی نایبینیت ئەو تاوەری کارەبایە بەپێی ئێنمایەکانیش دەبێت شەقام بێت. ئەباشە منیش دەزانم سیاج کراوە بەس بۆ لەمن دەپرسیت. بۆ لە کاربەدەستانی مەملەکەت بپرسە.
باشە ئەو وازمان هێنا لەو... بۆی شەقامە! ....
باوکم بۆخوا تۆ ئاست دەکەیت لەم شەقامە دێڕێت دەست بۆدیوار دەکەین هەرجارە و لە لایکیەوە دێبین. دەگوێبگرە با ئەمشت پێ بڵەم ئەم شەقامە دەبینیت ئەمە سەد مەتریە دیان ساڵێ تەواو بووە لە پردەکەی ولوبۆ وە دەست پێ دەکات تا دەگاتە شەقامی دەروازە.
بۆیە بۆ کۆنیسکەیە، بۆیە دەزانم زۆیەکی باش بوو بۆ وابیار بوو بکرێت بۆ پارکێک بۆبام لە پێ خێت خێت کراو خوا لە خێری دەرنەکات خەمان خۆش.....
وریابە ماڵم ئاواکردیت خەریک بوو کەتنەك بنێیتەوە.
چی!!! باوکم بۆخوا درەم لە گێ نەکردیت! بۆیە ئەستاش دێڕەم ئەم شەقامە تەواو بووە بەس لە سەر کاغەز. هههههه.
کورە ماڵت ئاوابێت خاڵی پشکنینی چی ... دەزانم ئەو خاڵی پشکنینە بەس هی ئەو یەکەی نیشتە جێ بوونە یە. خشت ناو و ناونیشانەکەی دەبینیت، ئیدی بۆ لەمن دەپرسیت. گرنگ شەقامەکە هەیە.
ئەوانەی خوارەوە شوقەیە. ئە دەزانم کە دەزانیت شوقەیە بەس هەموو شتێ شەرت نیە من پێت بڵەم ئەی ئەو هەموو ئاوێزکارێت بۆچیە با ئەوانیش پێت بڵێن کە چی دەگوزەرێت لەم شاردا.

بەستە … بەستە… من دادبەزم لێرە…. بەی ناوەت چونکە ئەگەر زانیم شەفەکەت کەوتەکار ئەوکات هەزاران شوێنی دیکە ماوە دەتوانین سەردانیان بکەین و شەفەکەتی بە بخیتەکار هەر وەک چۆن خستەکار بە قەناکەی کۆخا. بەمنن بەخێر و سەلامەت.

شاخەوان سعید سەنگاوی
Shaxewan.saed@gmail.com

دوو بە چوار.. نەوزاد بەندی

منالانی گەڕەک ، هەموویان ددانەکانیان هەش و کرمە بوون ، بەگانەکی قورس لە زاریانەوە هەی دەکرد ..
نەعلی لاستیک و ..بیجامەی بازە ..
دوای ئەو هەموو ساڵە ، لەسەر تابلۆیەکی گەورە ، بە خەتەکی ناشیرین نووسی : منالیی ، نەفرەتت لێ بێ ، بیرت ناکەم ..
ئەوندە بگانی دەم و گەدەی بەتاڵی هاوڕێکانی هاتبوون بەسەریدا ، کە ئەچوو بە قوتابخانە ، ئەیووت ئەڕەم بە تەویلە ..!
بەڵەوبەر توند نەرمایی گوێچکەیەکی گوشی ،لە تووڕەییدا ، زیاتر بە لووت ئەدوا : (ئەگەر باوکت نەهێنیت بە ئێرە ، جارێکی تر نایەیتەوە قوتابخانە)
بە باوکی ووت : (تەماشا کە)
لەسەر ناوونیشانی تیا نووسکانی ، ووشەی قوتابخانەی گەڕەی بوو بە ، تەویلە ..گەواخانە ..حەدیقەی حەیوانات…
چل و چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیبون ، هەشتا وا ئەزانە ئەستایە کە بە باوکی و بەڵەوبەرەوە ، تەی بەر بوون ، ئەتووت هەویرێکی بە سەدە و خومرە ئەشەلن و ..هەرچی دەکەن ، خەش نابێ ..
کە یەکەمجار ، هاوڕێ ناشیرینە ددان شکاو و چەکنەکانی دراوسێیان ، داوایان لێکرد بڕۆن لە مزگەوت نوێژ بە جەماعەت بکەن چونکە مامەستا ئەحمەد بەتوشیی ئەڵێ هەر نوێژێکی مزگەوت ، بە 27 نوێژ حیسابە ..
ئەم لە مزگەوت بە مامەستای ووت : واتا نوێژێک لە مزگەوت بکەم و .. پێنج ڕۆژ و تاقێک پاڵی لە بەموە ؟
ـــ یەعنی چی ؟

ـــئ 27 نۆژ ، واتا نۆژی پێنج ژۆژ و تاقێک ..
مامۆستا ئەحمەد وەک بەردەوام گوێچکەی بە نجلیقاندەوە ، بە هەمنیی بزەیەکی بە کرد و ..ووتی :
ـــ سەعدوڵا ، هەتا زیاتر نۆژ کەبکەینەوە ، هەشتا کەم .. هەوە بدە لە ژۆژکا نێک 27 ، هەزاران نۆژ بکەیت ، چونکە کە ڕەی ، ناگەڕێتەوە .. ژۆژکان وەک کەمەڵە گوێنی بەتاڵ وان ، پڕش ئاوەی لە دەستمان دەربچن ، پاڕانەوە پەیانکەین لە عیبادەت و ئیشی باش و چاکە و یارمەتیی و دەستگرێیی ئاوانی تر .. !)
یەکەم نۆژی جەماعەت ، ئاوە بوو ، کە داخڵی مزگەوت بوو ، خەڵکەکی بینی جیا جیا نۆژی سونەتیان ئەکرد ، چاوەڕێی مامۆستایان ئەکرد بڕێت و جەماعەتەکەیان بۆ بکا .. ئەم وایدەزانی ئەمڕۆ نۆژی جەماعەت ، چوار ڕکاتەکەی نیوەڕۆی کرد و لەی دا هاتە دەرەوە ، لەبەر دەرگای مزگەوت مامۆستای دی ، بەنی کەواکەی ، کە ڕەشباکە ئێکەشا بە ئوخساریا ، هات بەسەریدا ، بەنەکی گوێباخ تەکەڵ بە تەپەچا و تاوی عەلی بابا ..
ـــها سەعدوڵا ، بۆ کوێ ؟
ـــمن نۆژی جەماعەتی خەم کرد !
ـــ هەشتا جەماعەت نەکراوە ، بگەڕێرەوە ..
یەخەی کراسە تایوانە شینە کاڕەکەی ڕاکێشا ، کە لە بازاڕی قاچاخچێکان کڕی بووی ، قوماشێکی لاستیکیی ، دوو گیرفانی سەرسنگی هەبوو ، بە ترەقەی ناسک دادەخران ..
بەناو خەیاڵەکانیدا ڕاچوو بوو ، لە دەزفول سەرباز بوو ، کوشتارێکی زۆر کرا بوو ، ئاو عەسرە ئێرانێکان هەرشیان کرد ، زۆربەیان کاوتبوونە ناو حاوزی تەزاب و تاڵی دەکاویی کارەبا ، سووتاندبوونی ..
ژۆژی دوایی مووچە و مەڵاتیی شەش ژۆژی وەرگرت ، کە گەڕایەوە ، هەوای مەرگی مامۆستا بەتوشی بیست ..نایشارێتەوە ، خەفەتی بۆ نەخوارد ، بەڵام هەستی کرد بەشێک لەو منایەیی کە قەت بیری نەکردووە و دڵی بۆی لە نەداوە ، هەرەسی هێنا …
دایکی پڕی ووت : مامۆستا هیچ نەخۆشی و شتێکی نەبوو ، لە نۆژی نیوەڕۆ گەڕا بۆوە ، تەر قسەی خۆشی بە مامۆستا ژن کردبوو ، تەر نانیشی خواردبوو ، توخوا ! برنج و قەیسییان هەبوو ، لەگەڵ چای سەیمدا ، چاوی داخستبوو ..ئیتر هەزار ساڵ بوو مردبوو !!
مزگەوت ، تەنها جێگایەک بوو کە منایەڵ هەزارکانی گەڕەک بتوانن سەردانی بکەن ، ئاوانەی بەلایەنی کەمەوە ددانەکیان شکابوو ، چوار دانیشیان کرمە و ڕەش بوون ..ئاوانەی پشتە ملیان هەتاو سووتاندبووی ، جلەکانیان بەنی دوکەڵ و ..ژەر نینۆکیان پە بوون لە

چکی هش، هی ئەوبوو نایلۆنیان ئاگر ئەدا و دەپ دەپ نایلۆنە تواوەکەیان ئەکردە ناو شوشەی بۆتڵی شرینقە و لە کۆتاییدا تڵکی وەک پیتی هەشتیان ئەچەقاندە ناوی ، هەتا ئەقەیەکی لەگیر بکەن و ببە بە مەدالیا ، دەست و نینۆکیشان لە ئازاری دەپۆ نایلۆنی تواوەی داخ ، بەبەش نەبوون ..تەنها لە مزگەوت بە ئارەزووی خۆیان جوڵە و قسە و بیریان ئەکردەوە ..هەموو داوایەکیان لە خوا ئەکرد :
ـــ خوایە گیان ، قاڵقۆیەکی هەنگ وەک دەندرمەم ئەوە .. ماڵمان سێیەم ماڵە ، بەرامبەر ماڵی هەزا شاڵی چایچی ..خوایەگیان بەم دابەزنە ، تۆ هەموو شتێک ئەتوانی ..

ـــ خوایە گیان ، لادایەکی سپی .. فیاتێکی پەسکی هەنگ جەرگیی وەک ئەوەی مامەستا غەریب ، با بە گریزەوە بێ ، خوایە گیان زەرم حەز لێیە ..
Nawzad Bandy
ـــ خوایەگیان ، یەک کیس نوقوڵی مینەی سەگەشە و ..مەساسەی مینەی چیلکە ئاویی ، هەدەرە حەوشەکەمان ، ماڵەکەمان بەرامبەر میراوەکەیە ، دوو ماڵ سەروو ماڵی فەخری توجارباشیی .. خوایەگیان شەوی نەوان دایک و باوکم کۆتایی پێ بێنە .. خوایەگیان خوروویی پاشەم بە بیانیانی زووداً ، زەر ئازارم ئەدا .. خوایەگیان ، قوتابخانەمان بە خەش بکە ، دارحەیزەرانی دەستی مدیر و مامەستاکان بشکێنە ..
ئەوەی لەی تەک ئەدان یان وەک ووتراوە چەم بە چەقۆ نابە ، شە عەلی خاوەن مزگەوتەکە بوو ، بە خەی و هەبەکی چوارگەشەی کەن و جووتە نەعلی زلەوە ، خەی ئەکرد بە مزگەوتەکەیدا و ..منانانی ئاو ئەنا : (سەرتان بە ….زی دایکتان ..منانی ئاخر زەمان ..نازانم چۆن ئەوەنە چاویان قایمە ،بستەکن دێنە دەرەوە ..؟؟ وەهاهی لە عومری ئەواندا بووم لەترسی ئەوەی نەمگەن ، نەئەهاتمە دەرەوە !!..ئەمانە چ ئاگری قورتەکن ئیلاهیی ؟)
هیچ کەس ، بە مامەستا ئەحمەدیشەوە ، قسەیان لە قسەی شە عەلیدا نەدەکرد ، چونکە هەم پیرترین کەسی گەڕەک و ..هەم خاوەنی مزگەوتەکەیش بوو ..یان ئاستر کەس نەیدەوێرا وەڵامی بداتەوە .. ئەو قسەکانی سەیر بوون ، بە نموونە ئەیووت :
ـــ کە جارە دەستنوێژت گرت و بات لە بەوە ..دووەم جار دەستنوێژت تازە کردەوە و بات لەبەوە ، دەستنوێژی سێیەم مەشە ، تەنکیێک ئاوە ، هەمووی بە جنابەت دانەنراوە ..مەعنای وایە خوا نوێژی تەی ناوە و غەڵەتت زەرە ، بۆیە وا ئەتەڵێنە ..!
هەناسەیەکی قوڵی هەکەشا ، بەسەر ئەو پیتانەدا ئەیشتەوە و تەخی

ئەکردەوە ، کە نوسی بووی :
منداڵیی ، نەفرەتت لێ بێ ، بیرت ناکەم .. تف !!
بە خەتکی ناشیرین نووسرا بوو .
Seen by Nawzad Bandy at Tue 11:05 AM

سور النور، شعر و شهادات.. شاعر صلاح جلال

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی کلیکی ئێرە بکەن..

SalahJalal_swrAlnwrDownload

وەردی فەنابوون.. شەماڵ بارەوانی

وەرە ژەرکراسی حەز و سوخمەی تامەزرۆیيت
لەسەر ترۆپکی نائومێدیيەکانم هەڵخە و
ستەک بزرە لە لەواری تابلۆی خەمەکانم بچنە

وەرە لە خەراپاتی بوونم جیلۆ بکە و
هەرەمی فیراق بەمنە

وەرە کەتری سوریالیستی دەروازەی ڕەحم سەربڕە و
پەردەی ئاسمانی نیگرانییەکانم بدڕنە

وەرە پەراوێزی دیدەم ئالوودە بکە بە حیکمەتی سووتان و
کوپڵک قاوەی دیدارم بڕبڕنە

وەرە بە دەم نەشینی جامەک مەی غوربەتەوە،

مەمی تامەزرۆیی لە دیوەخانی دەتەنگیم دابگیرسێنە

وەرە دەم بخەرە دەمی شیعرەکانم و
ئامێز لە دەیجووری دڵەکانم وەربێنە

وەرە قەسیدەی ماڵئاوایی لە ئەلبوومی یادەوەریم بسڕەوە و
چەپکێک ماچ لە دەربەندی گەنام بەوێنە

وەرە لە خانەقای تەنیاییمدا گیتاری ئاوەتەبوون بژێنە و
دەکی ژان لە پەرەزی چاوەوانیم دەربێنە

وەرە بەرماڵی نزام پێ کە لە وردە موناجاتی عیشق و
واز لە قانوونی عەبەس بێنە

وەرە ببە بە ڕابیعەی ویسال و بە دەم سەمایەکی سەفیانەوە، وەردی
فەنابوونم بە بخوێنەوە

وەرە زەمهەریری کیشوەری ئومێدم هەپرووون کە و
بە پەنجەی دەفی سەزت گەی ئەو دەزگەی جوگرافیای ڕەحم دابمرکێنە